کەمیسیۆن: ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ئەمڕۆ یان سبەی ڕادەگەیەندرێت



ئەمڕۆ یەکشەممە،کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان،ڕایگەیاند کە کۆتایی بڕو وەستگانە هاتووە کە مابوون، و پێشبینی کرد ئەنجامە کۆتاییەکان ئەمڕۆ یان سبەی ڕابگەیەنرێن.

"جومانە غلای" وتەبێژی ڕاگەیاندنی کەمیسیۆن، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەبەع کەوتووە، تیایدا هاتووە : کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کۆتایی بڕو وەستگانە هێناوە کە مابوون و دەنگەکانیان ژمێردراون، و سەرجەم ئەنجامەکان بە ڕێژەی 100% لەگەڵ جیاکردنەوە و ژماردنی دەستیدا یەکدەگرنەوە.

وتیشی: کەمیسیۆن، ئەمڕۆ دەستی بە ژماردنی کورسییەکان و کورسییەکانی کۆتای ژنان و کۆتایی پێکهاتەکان کردووە، هەروەها نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی ئەنجامەکان بە هاوپەیمانتییەکان و پارتەکان و کاندیدەکان.

ئاماژەی بۆشدا : کە پێشبینی دەکرێت ئەنجامە کۆتاییەکان ئەمڕۆ یان سبەی ڕابگەیەندرێن، و دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان بە بڕیارەکی ئەنجومەنی کەمیسیاران، کەمیسیۆن دەرگای تانە لێدان بە ماوەی سێ ڕۆژ دەکاتەوە، کە لە ڕێژی دواتروە دەستپێدەکات ، هەروەها باوکردنەوەی لە ماڵپەڕی فەرمی کەمیسیۆن.